لە ڕۆژی جیهانی خۆبەخشاندا... سودانی دەستپێکردنی هەڵمەتی خۆبەخشی گەورە رادەگەیەنێت

ئه‌مڕۆ سێ شه‌ممه‌، محه‌مه‌د شیاع سودانی سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران هه‌ڵمه‌تی خۆبه‌خشی گه‌وره‌ به‌ به‌شداری 150 تیمی خۆبه‌خشی راگه‌یاند.

سودانی له‌تویتێکدا ، نووسیویه‌تی لە ڕۆژی جیهانی خۆبەخشیدا، دەست خۆشی لە ئەو گەنجانە دەکەین لە ”هەڵمەتی خۆبەخشی گەورەدا“ کە ئەمڕۆ دەستی پێکرد بە بەشداری 150 تیمی خۆبەخش لە پارێزگا ئازیزە جیاوازەکانماندا.

هه‌روه‌ها سه‌رۆك وه‌زیران سڵاو لەو کەسانە ده‌کات کە بە شێوەیەکی خۆبەخش خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن هەروەها هەموو ئەوانەی کە خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەتی گشتی.

له‌کۆتایی دا ده‌ڵێت،خۆبەخشەکان متمانە دروست دەکەن و گەلی عێراقمان نەیدەتوانی بەرەو پێشەوە پچێت و بە سەختترین کاتەکانیدا تێپەڕێت ئەگەر کاری خۆبەخشی ڕۆڵەکانی نەبوایە لە چالاکییە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکاندا.